ئازادی بۆ **جەلالی مەلەکشا** و **کاوەی کوڕی**

**ئاخۆ دەبێ**
**ئەو ڕۆژە بێ،**
**کاوەی کوڕم**
**جانتای سەفەر کاتە شانی،**
**دەڵاڵانی بەر گەراژی شاری سنە،**
**هاوار بکەن:**
**سلێمانی!**
**سلێمانی!***

مانگێک زیاترە ڕژێمی ئێران، شاعیری ناسراوی کورد جەلالی مەلەکشا و کاوەی کوڕی، لە سۆنگەی نووسینی ئەدەبی بەرهەنگارییەوە، لە زیندانی شاری سنە توند کردووە. ئەگەر جێی پەڵەی دیکە بە سیمای دزێوی ڕژێمی دڕندەی ئێرانەوە مابێت، ئەوا زیندانیکردنی جەلالی مەلەکشا و کاوەی کوڕی، پەڵەیەکی ترە بە ڕووخساری ئەو ڕژێمەوە، کە بۆگەنی ناوچەکەی هەراسان کردووە.
سڵاو لە وشە جوان و بوێرەکانی جەلالی مەلەکشا، کە لە ڕووپەلە پرشنگدارەکانی مێژوودا بە نەمری دەمێننەوە.
نەفرەت لە ڕژێمی داگیرکەری ئێران، کە زەندەقی لە وشەی ئازاد چووە.

حەمەسەعید حەسەن
2003. 03. 18

* جەلالی مەلەکشا.